# بەخێر بێیەوە ئەی بەهار! [1]

سولەیمان فەرشی

## بۆ محەممەدی ئەشعەری

> یەک کۆما کتێب ناتۆانێ جێگای مامۆستایەکی باش بگرێتەوە!
> *" ووتەیەکی چینی"*

**ساڵە رووی کردە عەزیزوکوتی: "بڕوانە حەوشەی مەدرەسە،ئەومامۆستایە تازە هاتۆتەوە!**
**هەردووکیان لە ریزی ئاخری کلاسی دووهەمی "ئا" لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتبوون،چاویان بڕیبووە حەوشەکە.**
**ئیرە مەدرەسەی ئیبنی سینا لە شاری بۆکانە. دەرگا گەورە ئاسنە شێنەکەی، لە سەرگازی پشت کراوەتەوە. کابرایەکی کەڵەگەت وچوارشانە وەژووردەکەوێ، کۆت وشەڵوارێکی خەنەیی کاڵی لە بەردایە و کراسێکی سپی قتوو لە گەڵ بلووزێکی کاموای خەنەیی قەڵافەتی رازاندۆتەوە. سەر بەرزانە و زۆر بە ئە سپایی رێگا دەپێوێ، وەک ئەوەی فەرشی سووری بۆ راخرابێ و میوانی وڵاتێکی بێگانە بێ و"سان" لە ئەرتەشی ئەو وڵاتە ببینێ. بەڵام لەوە نەدەچوو ئەو کەسە بێگانە بێ!؟**
**ساڵە بەئەنیشکی دەستی چەپی دیسان لە عەزیز کوتا و کوتی:"چاوچاو ئەوە گەیشتە گۆرەپانی وەلیباڵەکە"**
**لە نزیک تۆڕی زۆر پان و بەرینی مەیدانی وەلیباڵەکە چرکەساتێک راوەستا، بەدەستی راستی لێواری خوارەوەی تۆڕەکەی گرت و بە قەرا باڵای خۆی بەرزی کردەوە، بێ ئەوەی سەری دانەوێنێ، لە ژێری درباز بوو. هەر لەو کاتەدا بە هەزاران چۆلکە و کۆترەکێوی لە سەر چنارە سەربەرزەکانی هاوینەبوار لە شەقەی باڵیان دا و فڕین. لە ژێر خۆری پاییزدا، سێبەری باڵی تاکە هەڵۆیەک لە سەر ڕۆخساری ناڵشکێنە نیشتبوو، کە مەیلەو چیای تەرغە دەفڕێ.**
**ئەو وێنە جوانانە لە جیاتی درسی ئەو رۆژە لە ناو مێشک و زەینی ئەو دوو لاوەدا کێشران و سەرەتایەکی نوێی لە ژیانی ئەواندا پێک هێنا.**

**دەرگای ژوورەکەی کلاسی دووهەمی"ئا"ی کردەوە،بێدەنگییەک بە قەرا ناسکایی یەکەمین تەبەقی سەهۆڵی سەر ئاوەکەی حەوزەگەورە بە سەر ژوورەکەدا زاڵ بوو. دەرگای ژوورەکەی زۆر بە ئەسپای پێوەدا، بەرەو تەختە ڕەشە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە ڕۆیشت،لەتە گەچێکی سووری کاڵی هەڵگرت و لە سەری نووسی: محەممەد ئەشعەری[2]. بێ دەنگی شکاند و کوتی:**
**"سڵاوتان لێ بێ، لەوە بەو لاوە قەرارە من دەرسی حیسابتان پێ بڵێم."**
**بە زمانی کوردی قسەی دەکرد ،دەتکوت بە سەرماندا چەپکەگوڵ دابەش دەکات. دەم وچاوی پڕلەخۆشەویستی بوو. هەر لەو کاتەوە بوو، بە خودانی ئەم وڵاتە هارووژاوە. بەرە و ریزی پێشەوە هات و ڕووی کردە شاگردێک و کوتی:**
**"ئەو جار نۆبەی ئێوەیە خۆتانم پێ بناسێنن"**
**–کوڕی کێی کوڕە؟**

---

[1]- بەخێر بێیەوە ئەی بەهار. (شێعری مزگێنی)"مارف ئاغای"
2- ئەشعەری لە گەڵ کۆمەڵێک معلمی تری موکریان لە کوردستان دور خرابوونەوە، پاش هاتنی رژیمی خۆمەینیش چالاکی سیاسی بوو، یەکێک لە کورەکانی وەک پێشمەرگە گیانی بەخت کرد، خۆشی زۆر زوو ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەڵام دەیان لاوی وەک عەزیز و ساڵەی لە پاش بەجێ ما.بۆ زانیاری زۆرتر ئەم بابەتە" سەید حسێن، پێکەنینی گەدا، ئەشعەری و وردەکارییەکانی مێژوو لە ماڵپەرەکەدا بخوێنەوە.
http://bokan.de/Jorwajor/MQezelji/Sayd%20Hosayn.pdf (ماڵپەری بۆکان)

له دوای پرسینی ناوی دایک و باوک، هێندێک پرسیاری بنەماڵەکەی دەکرد و زۆری پێ خۆش بوو بن و بنەچەکی مناڵەکان بناسێ.
دەستی ڕاداشتە کەسێک لە ناوە راستی ژوورکە و کوتی:
–تۆ دەناسم، کوڕی دەروێش قادری، ئەرێ باوکت چۆنە؟
ئاغای ئەشعەری لەو ڕۆژەوە وەکو مامۆستایەکی باش ونموونە ،نێوی کەوتە نێو نێوان.
دەرسەکەشی بە کوردی دەکوتەوە و نەیدەشاردەوە کە فارسی قسەکردن بۆ ئەو مەجبورییە. زۆر جار کە لە دەرس کوتنەوە تەواو دەبوو، باسی وڵاتە بێ خاوەنەکەی خۆی دەکرد، باسی نەبوونی خاوێنی و دەرمان و ئاو و کارەبای لە گوندەکان دەکرد:
"ئەو خەڵکە بێچارەیە هەرلە سەر چۆمی دەسنۆێژ دەگرن، هێندێک خوارتر شیووکوڵ دەکەن، لە سەرەوی چۆمیش ئاوی خۆاردەنەوە دێنن. ئەوە بە درێژایی ئەو وڵاتە پان و بەرینە بەردەوامەو هەرچی نەخۆشی خودایە لێرە هێلانەی کردووە و ماوەتەوە. سەد لە هەشتای گووندەکان شتێکیان بەنێوی مەبال نیە، حەمام هەر باسی مەکە."
نەترس وترس بەزێن بوو، هێدی هێدی و لەسەرەخۆ ترسی لە دڵی هەمووواندا شکاند و تووی بوێری چاند.
جارێک کوتی:
"چاو لەو وڵاتە قۆرازەیە بکەن،کە نێوی خۆی ناوە ئێران. تاریخ وجۆغرافیایەکی پر لە درۆی بۆ خۆی ساز کردوە وشانازی پێوە دەکا. زۆربەی زۆری هاووڵاتیانی ئێمە ئاوی خاوێنیان نیە بۆ خۆاردەنەوە، هەژاری و بێ بەختی ئەژنۆی شکاندوون، کەچی ئەوان باسی<<تەمەدوونی گەورە>>[3]دەکەن."
لەو سەردەمەدا حەمەرزاشا کتێبی بۆ پێشەوە بەرەو تەمەدۆنی گەورەی دەنووسی.
سەعاتی دەرسی ئاغای ئەشعەری ببوو بە کاتی فێربوون وزانینی راستەقینە. هەموو شاگردەکان خۆشیان لە خۆی و دەرس کوتنەوەکەی دەهات. قەت بێ حورمەتی بە کەس نەدەکرد و لە کەسیشی نەدەدا. بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێزی لە هەمووشاگردەکان دەگرت وفێری سەربەخۆبوونی دەکردن.
زۆرجارلەشاگردەکان دەهاتە پێشەوەو باسی ژیانی خۆیانی لێ دەپرسی. بۆ یەکەم جارنیشانی دا، کاتێک مامۆستا ببێ بە دۆست وهاوخەمی شاگردەکان، رادەی بەرپرسی و فێربوونی شاگرد دەچێتە سەر، هەربۆیە زۆربەی شاگردەکان بە شەرمیان دەزانی دەرسی ئەو مامۆستایە نەخوێنن.
ساڵە و عەزیز هەر لە سەرەتاوە ببوونە عاشقی کەسایەتی بەرزی ئەو ئینسانە، و لەهەموو شوێنێک باسیان دەکرد. تۆوی ئەو خۆشەویستە هەر لەو ساتەوە کە ئەو پێی نایە ناو حەوشی مەدرەسەکەوە چاندرابوو.
ئاغای ئەشعەری بۆئەوخۆشەویستی و پێزانینە ڕێزی تایبەتی دادەنا، باوەرێکی قووڵی بە عەزیز پەیداکرد بوو. لە سەردەمێکدا کە کەس نەیدەوێرا بڵێ لەل[4]. ئەو هەموو شتێکی تەرخان دەکرد، بۆ ئاگادارکردنەوە و فێرکردنی راستەقینەی شاگردەکانی، بە هەموو شێوەیەک حەولی دەدا چاو وگوێچکەیان بکاتەوە، هەتا زیت وقیت وسەربەخۆ بچنە ناوکۆمەلگا.
عەزیز لەو ماوەیەدا ببوو موبسیری کلاسی دووهەمی"ئا"و هەروەها یەکێک لە نوێنەران وقەسەکەرانی کۆنفرانسی تایبەتی "شاگرد و مامۆستا"، کە بۆ یەکەم جار لە مەدرەسە بە هاوبەشی نوێنەرانی پارێزگاو ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان پێک هاتبوو.
ڕۆژێک پێش پێکهاتنی ئەوکۆنفرانسە عەزیز چوو بۆ لای ئاغای ئەشعەری وداوای ڕێنموونی لێکرد. ئەو دیدارە بۆمامۆستا کە شاگردەکەی بە پێی خۆی بۆ وەرگرتنی زانیاری ورێنموونی دەچوو، بەنرخ بوو.

---

[3]- بسوی تمدن بزرگ.(محەممەدرزا شا)
[4]- کێ ئازایە بڵێ لەل.(شێعری رۆژگاری ڕەش)"هێمن"

**له ڕۆژی کۆنفرانس نوێنەری ڕۆژنامەی کەیهان لە شاری بۆکان ئامادە بوو. زۆربەی نوێنەرانی کلاسەکان باسی کەم وکوڕی ناو کلاس ونەبوونی دەفتەر و وقەڵم وکتێبیان کرد. کاتێک عەزیز دەستی بەرز کردەوە ، ڕۆخساری مامۆستا گەشایەوە. لەو کاتەدا هەڵۆیەک وبەچکەهەڵۆیەک باڵیان لە بن میچی ئاسمان دەخشاندو سێبەریان دەکەوتە سەر ناڵشکێنە.**

**عەزیز ئاوا دەستی پێکرد:**

***"بەرێزانی حازر لەو دانیشتنە، ئیزنم بدەن،چەند قەسەیەکتان بە عەرز بگەینم"***

**عەزیز رەخنەی لە یەک دوو مامۆستا گرت و کوتی:**

***"مامۆستا دەبێ کەسایەتی شاگردەکانی بپارێزێ، کاتی لێدان وکۆتاندەوری نەماوە، نابێ کەسایەتی ئەو شاگردانە پێ شێل بکرێ، ئەو شاگردانە مامۆستاکانی داهاتوون."***

**بە شی کۆتایی قسەکەنی،عەزیز باسی "تغذیه مدارس" (خۆراکی مەدرەسە) بوو، کە ماوەیەک بوو،دەستی پێکردبوو.**

**"نازانم هۆی دانانی بەرنامەی "خۆراک" لە مەدرەسە چیە؟! تەواوی حەوتوو لۆبیای کوڵاو لەگەڵ رووبی تەماتە دەرخۆاردی ئەو شاگردانە دەدرێ! سەعاتی ئاخری مەدرەسەش سەر و مۆزێک یان سێوێک دەدەن بە شاگردەکان و رەوانەی سەرشەقامەکانیان دەکەن! ئە گەر بە راستی خەمخۆری بۆ شاگردەکان دەکەن، ئەو پووڵە لێرە حەرام مەکەن، بیدەن بە جەل وبەرگ و پێڵاو و دەفتەر وقەڵم بۆ ئەو شاگردانەی وا پیویستیانە و دایک وباوکیان دەرەقەتی ئەو خەرجەگرانەیان نییە. ئەگەرخۆاردنیش دەدن، سەر لە بەیانی پێش دەست پێکردنی دەرس خواردنی بە کەڵک وەکوو،شیر وپەنیرو کەرە وهێلکە دابەش بکەن. بەو "تەغزیە ی "، ئیستا بێ حۆرمەتی بە هەمووشاگردەکان دەکەن. ئەوقسانە ترسی خستە دڵی ئەوانەوە کە باوەڕیان بە جەزیرەی سوبات[5] هەبوو.**

**پەپوولەکانی هیوا لەسەر رۆخساری مامۆستاوە بەرو چنارە سەربەرزەکانی شاری بۆکان هەڵفرین و لە هەمان کاتدا پەیکەرتەراشێک لە شاری سەقز، پەیکەری هەڵۆیەکی لەناوەراستی شاردا چەقاند.**

**چەند رۆژێک پاش ئەو روداوە وێنەی عەزیز لە بە ناوبانگترین رۆژنامەی ئێران بە ناوی "کەیهان" بڵاو کرایەوە، بێ ئەوەی باسی قسەکانی کرابێ، لە وێنەکەدا بە تەنیا راوەستا بوو، هەر ئەوجۆرەی مامۆستاکەی پێی خۆش بوو.**

**ڕۆژێک ئاغای ئەشعەری لە حەوشەی مەدرەسە،عەزیزی بانگ کردوکوتی:**

**"لەدوای مەدرسە لە پشت دیواری دەرەوە، چاوەڕوانم بە، کارم پێتە"**

**عەزیز وەک خەڵاتێک ئەو قسەیەی لە باوەش گرت، تۆ بڵێی مامۆستا چ کارێکی پێی بێ؟ عەزیز ئەو رۆژە بە بیانوویەک خۆی لە هەواڵەکانی هەڵوارد و بە تاقی تەنیا لە پشت دیواری مەدرەسە چاوەڕوان مایەوە.**

**دوای ماوەیەک ئاغای ئەشعەری هات و نزیک بووە و بە نەرمی کوتی:**

**"عەزیز ئەورۆ کتێبێکم بۆ هێناوی، ئەو کتێبە قەدەغەیە، بیخوێنەوەو بزانە چی لێ حاڵی دەبی، ئەگەر دۆستی باوەڕپێکراوت هەیە، بیان دەیە هەتا بیخوێنەوە، بە کەس مەڵێ لە کوێت هێناوە، لەگەراندنەوەشیدا پەلە مەکە."**

**لە ژێرباخەڵی کۆتەکەی کتێبێکی کە لە کاغەزی رۆژنامە پێچراوی دەرهێناو دایە دەستی .**

**عەزیز بۆ ماویەک چاوی بڕیە مامۆستاکەی و کوتی:"باشە بە چاوان! ئاغای ئەشعەری، زۆر مەمنوون."**

**عەزیز بە لەز بەرگی کتێبەکەی هەڵداوە، بە زمانی فارسی نووسرابوو:"بچەهای بیقرار"[6]**

---

[5]- جزیره ثبات(حەمەرزاشا ،ئەو کات بە ئێرانی دەکۆت )

[6]- بچەهای بیقرار.(چاپ پیک ایران)

**ساڵەکان تێپەڕین، نەمامە تازەکان ریشە ناسکەکانیان لە ناوخاک دا تەشنەی کرد، پۆلێک کۆتری تۆق لە مل، لە ئاسمان تەقڵەیان لێدەدا.**

**ئەورۆ هەشتی گەڵاریزانە، خۆپێشاندانێکی[7] مەزن لە دژی رژیمی شا دەستی پێکردووە، مامۆستا سەربەرزەکەی شاری بۆکان، لە گەل ساڵەو عەزیزو زۆربەی زۆری شاگردەکانی، لە نێو جەماوەردان، هاواری ئازادی و سەربەخۆیی ئاسمانی شاری بۆکانی داگرتووە.**

12/01/06

7- لەم رۆژەدا بۆ یەکەمجار دوو خوێندکاری شاری بۆکان بە ناوەکانی محەمەد بەهرامی و کەماڵ حەمیدی ئەندامی تیپی شانۆی لاو شەهید کران. باسی ئەم روداوە لە ماڵپەرەکەدا بخوێنەوە.
http://bokan.de/bokan/mejoo/Yadi%20chopeshandan.htm (ماڵپەری بۆکان)